پەروەردەی خێڵەکی و ئااینی:

ئەو هۆکارە سەرەکییە کاریگەر و پڕیاردەرەی کە بیرکردنەوە و گفتار و کرداری مرۆڤەکان لێکجیا دەکاتەوە، تەنها پەروەردەیە. شێوازی پەروەردە کردن، دەتوانێت هەموو شتێکی ژیانی مرۆڤ و تەنانەت ژیان و هەڵسوکەوتی هەندێک لە ئاژەڵەکانیش دەستنیشان بکات. پەروەردەی ئێمەی کورد بەگشتی، پەروەردەیەکی خێڵەکییانە یان ئایینیانەیە. لە رابووردوودا، تا ئەندازەیەکی کەمتر، ئێستایش، زۆربەی کورد، بە تایبەتی گوندنشینەکان، بەرژەوەندییە تیابەتییەکانی خێڵیان پێش بەرژەوەندییە گشتییەکانی نەتەوە خستووە، پاراستنی ناوچەی خێڵەکەیان پێش پاراستنی نیشتامانەکەیان بەلاوە گرنگتر بووە. ئەمە، شانبەشانی هۆکارە دەرەکییەکان، هۆکارێکی سەرەکیی دروست نەبوونی گیان و هەست و هۆشی نەتەوەپەروەری و نیشتمانپەروەری بووە، هەر بۆیە هەتا ئێستا نەمانتوانیوە هەموومان بۆ پاراستنی سنوورەکانی نیشتمان و دورستکردنی دەوڵەتی سەربەخۆی نەتەوەیی و نیشتمانیمان یەکگرتوو بین. ئایینیش هەر هۆکارێکی نێگەتیڤ بووە لە ژیانی کۆمەڵایەتی و ئابووری و سیاسی و رۆشنبیریماندا، ئێمەی کورد چونکە دەستبەرداری ئایینە رەسەنە نەتەوەییەکەی خۆمان بووین و ئایینی بێگانەمان بەسەردا سەپێنرا، بووین بە پابەند و پاشکۆی فەرهەنگی بێگانە. بەهۆی باڵادەستیی فەرهەنگی دواکەوتووانەی بێگانەی داگیرکەرەوە، رەسەنایەتیمان شێوێنراوە و فەرهەنگی نەتەوەییمان بە شێوەیەکی گشتی لەناو چووە. ئێمە لە ئەنجامی داگیرکراویی وڵاتەکەمان و ژێردەستەیی نەتەوەیی و باڵادەستیی فەرهەنگی دوژمنانمانەوە، لە ڕووی فەرهەنگی نەتەوەییەوە، مایەپووچ بووین. بۆ نموونە: هەر لە فێرگەی خوێندنی سەرەتاییەوە، مێشکی منداڵانی سادە و ساکار بە لەبەرکردنی بابەتەکانی خوێندن دووچاری بەستەڵۆکی بیرکردنەوە دەکرێن. منداڵ کە هەر فێری نووسین لەبەرکردن و لاسایی کردنەوە کرا، ئیتر خۆی توانای بیرکردنەوە و داهێنانی نابێت. ئەمە بێجگە لەوەی بە رەوان کردنی تێکستی سەخت و دژواری عەرەبییەوە ماندوو دەکرێن و ئەو بەستەزمانانە نە هیچی لێتێدەگەن و نە هیچی لێوە فێردەبن. ئەمە بۆ منداڵان لە تەمەنی خوێندنی سەرەتاییەوە،ئەشکەنجەیەکی جەستەیی و دەروونییە. هەربۆیە کە گەورە دەبن، بەگشتی هەموو دەبەنگ و تووڕە و بێ ئارامن. بەرهەمەکەیشی ئەو هەموو شەڕ و پەلاماردانەی یەکترییە کە رۆژانە لە کۆمەڵگەکەماندا روو دەدەن. کەسیش ناپرسێت یان بە کردەوە هەوڵێک نادرێت بۆ گۆڕین و باشتر کردنی سیستمی پەروەردە و فێرکاری لە خوێندنگەکاندا، ساڵانی رابردوو چۆن بووە، ئێستاش هەر هەمان شێوازی پەروەردە و فێرکارییە. یەکێ لە هۆکارەکانیش کە ناتوانرێت شێوازی پەروەردە بگۆڕدرێت، نەبوونی کادری باشی پەروەردەیی و نەبوونی کۆمەڵناسی شارەزا و ئازا

و بوێرە لە کۆمەڵگەکەماندا. ئێوە سەرنجی ئەو دیاردە خراپانە بدەن کە ڕۆژانە لەناو جەماوەردا دەبینرێن، بۆ نموونە سەرە گرتن کە ئەمڕۆ یەکێکە لە سیما شارستانییەکانی هەموو کۆمەڵگەیەکی پێشکەوتوو، ئێستاش ئێمەی کورد زۆربەی زۆرمان نازانین بەئاسایی سەرە بگرین. ڕۆژانە لەسەر سەرە گرتن چەندین کێشە و شەڕ و هەرا و یەکتر ڕەنجاندن دروست دەبێت. زۆربەمان لەم ڕووەوە ئەزموونی تایبەتیی خۆمانمان هەیە. یان لە ئاخاوتنەکانماندا فێرنەبووین بە هێمنی گوێ لە کەسی بەرامبەرمان بگرین، هەندێک جار چەندین کەس لە یەک کاتدا پێکەوە بۆیەکتری دەپەیڤن. ئیتر ئاساییە کە لێکتێگەیشتن ڕوو نەدات. دەتوانین لە ژیانی ڕۆژانەی کۆمەڵگەدا ئەمانە و چەندین نموونەی زۆریتری لەم بابەتە بە نموونە بهێنینەوە. لە ڕاستیدا کاروباری سیستەمی پەروەردە و فێرکاری، ئەرک و فەرمانی دەسەڵاتە. هەروەها ڕێکخستنی هەموو پێوەندیەکانی نێو کۆمەڵگە هەر بە پەروەردە و فێرکاریی سەردەمییانەی پێشکەوتووانە دەکرێن. بە پەروەردە و فێرکاریی پێشکەوتووانە و شارستانییانە، دەتوانرێت کۆمەڵگەیەکی تەندروست و پێشکەوتوو و شارستانییانە بەبەرهەم بهێنرێت.

بەختیاری شەمەیی